# ستراتیژی نوێی ئیدارەی بۆش، مەتەڵ نیە تانەتوانرێت هەڵبهێنرێت!

**تایەر حاجی حەسەن**
Hanskk_01@hotmail.com

هەر لەیەکەم هەنگاوەکانی سەرەتای دەستپێکردنی جەنگی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بۆ دەرکردنی دەسەڵاتی ڕژێمی پێشوی عێراق لە کوێتدا، سەرەتایەک بوو بۆکۆتاییەکی نادیار و، چوونە ناو سیناریۆیەکەوە قوڵتر جیگای خۆی بەنهێنی جێهێشتبوو، وەک ئەوەی ئەم دەست پێکردنی جەنگە کۆتاییەک بێت بۆ ڕزگارکردنی کۆمەڵگەیەک وبنیات نانی جۆرێک لە ژیانێکی هاوسەنگانە لە ناوچەکەدا. سەرەتای هەر دیاردەیەک بەو ستراتیژە خۆی دەستنیشان دەکات کە ئامانج و مەبەست کام خاڵی دیاری کردنی ئەو دەستپێکە دەبن. دیارە مەبەستی دەسەڵاتی سیاسی ئەمریکا بۆخۆی گەڕانی بێوچانێتی بە سەپاندنی تەسویری زلهێزی خۆی و ملدانی نەیارانی بۆ هێنانە ژێر باری ئامانجێک کەمەبەستێتی، هەنگاوەکانی خۆی وەک دەوڵەتێکی زلهیزو بێموقابل و نەوەستانەوە لە بەرانبەریدا و، تەواوی نارەزایەتیەکانی نیوخۆی وڵاتی ئەمریکا و پێشێلکاریەکانی پێبشاردرێتەوە و هەموو پلان و ئامادەکاریەکان تەرخان بکرێت بۆ پاراستنی هەیمەنەتی ئەو قەڵایەی، بووەتە ڕەمزی وەحشی گەری و نەهامەتی بۆ زۆرترین مرۆڤایەتی لەم سەردەمەدا!
ڕەنگبێت ئەم تێگەیشتنە لای هەندێک بە پێجەوانە بکەوێتەوە و ئەمریکا وەک دەسەڵاتی سیاسی بەشێک بێت لە هێنانی ڕزگاری و ئازدی بۆ مرۆڤایەتی. بەڵام تێگەیشتنەکانی من بۆ نێو ئاڵوگۆڕەکانی دنیای سەرمایەداری ئەمڕۆ و بینینی ئەرزیەتی واقع کە دنیایی ملهوڕی جەنگەکان و بکەرانی تەنها ئامانجیان لە هەڵگیرساندنی کوشتارگایەک بۆ کۆمەلگەکانی ئەم سەردەمە، مەبەست لێی پاراستنی هێزودەسەڵاتی چەوسێنەرانەی نیزامی ناعەدالەتی ئەم سەردەمەی سەرمایەداریە. ئەوەی ئەمریکاو هاوپەیمانانی پێی هەستان بۆ بنیات نان و پێشبڕکێی جیگاوڕێگایەکی نوێ لە دابەشکردن و لەبەریەک هەڵوەساندنەوەی جیهانی دوای دوقوتبی نیودەوڵەتی. مەبەستەکان بەئاشکرا ڕوونە و جیهان بینی جەنگ و زیاد بوونی ڕادەی هەژاری بەم شێوەیەی ئێستای و گەڕانەوەی فەرهەنگی تێگەیشتنەکانی ئینسان بۆ دەورەیەکی زۆر دواکەوتوانە، دەبێتە ئامانجی سەرەکی نێو سیاسەتی ئەمریکا و کوشتارگاکانی ئەمڕۆی جیهانیش بەشێکی بەرپرسیاریەتی سەرەکی لە ئەستۆی ئەو نزامە چەوسێنەرە قازانج پەرستیەدایە.

ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی ئەمریکا پێی هەستا بۆ هاتنی بەرەو دنیای ڕۆژهەلات و بە تەسویری خۆیان پاک کردنەوەی ناوجەکە لە دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان، هەر لەسەرەتاوە دوا دەروازەکانی نێو ئەو هاتنە ژورەوەیە دیار بوو بۆ کەسانیک کە دەسەڵاتێکی ئیمپریالیستی و ڕەمزی.. پاڵنەر و بنیات نەری.. تەواوی هێزو دەسەڵاتی حاکمانی ناعەدالەتی ئەمڕۆی نێو گۆڕانەکانی جیهانی ڕۆژهەڵات و ئاسیا و زۆریک لە کیشوەرەکانی دیکەیشە.
لێرەدا پرسیارێک هەیە/ ئەگەر ئەمریکا وەک دەسەڵاتی سیاسی ڕەمزێک بێت بۆ ئازادی خوازی و چەمکێکی جیهانی مەعریفی نێو کایە ڕۆشنبیریەکانی جیهانیشی لە خۆدا کۆکردبێتەوە، بۆ نەهات ئەو کلتوروو جیهانبینیە مەعریفیە بگوازێتەوە بۆ جیهانی ڕۆژهەڵات. دەکرێت ئەم جەنگە ناوزەد بکەین بە پێکدادانی نێو دیاردەی **شارستانیەکان یان بە ملهوڕی نەخشاندنی مانەوەی جیهانبینی سەربازی بۆ تەواوی ناوچەکە. ئەگەر قەرار بوایە ئەو فەرهەنگە و ژێرخانە ڕۆشنبیرییە بگوازرایەتەوە بۆ لای ئێمە خۆ دەبوا پێش ئەو ناردنە لە وڵاتی ئەمریکا خۆیەوە دەست بکرایە بە نەخشاندنی ئەو چەمکە مەعریفیانە و داهاتوەکەشی دەیتوانی ئامێزهێنەرەوە ببوایە لە هەموو جیهاندا نەک هەر لە جێگایەکدا!**
بەڵام بۆچی لە بری ئەوە هاتنە ژورەوەکەی بەجەنگ و تاقی کردنەوەی نوێترین جۆری چەکەکانی دەست

پێکرد و بوو بە هۆکاری هاوبەشی نێو دەسەڵاتی ڕابردوو.. وە دەسەڵاتی نوێش لەو کوشتارگایەی کە لە کۆتای سەدەی بیست و سەرەتای سەدەی بیستویەکەوە دەستی پێکرد بێبەشنەکرد.

دەسەڵاتی سیاسی ئەمریکا و ستراتیژیەتیک پێی هاتە ناوچەکەوە، هەر لەسەرەتاکانیەوە، خەسارەتەکەی و ڕیسوابوونەکەی دیاربوو، بۆ ئەم ڕستەیە ئاکامەکانی دوای ڕوخانی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس باشترین گەواهینامەی ئەو ئامانجانە بوو کە ئەمریکا و دەسەڵاتەکەی بۆش... بەهای ئەو خەڵکەی ڕۆژانە دەکرێن بە قوربانی مەبەستە سیاسیەکان ئەو گرنگایەتیەی هیند نیەو هاتنی ئەو زلهێزە بە بێ ئەم کوشتارگایە ناچێتە پێشەوە، چونکی دەسەڵاتی سیاسی ئەمریکا ئامادە نەبوو گوێ لەو ملوێنان ئینسانانە بگرێت کە بەدژی شەڕ دەڕژانە نێو شەقامەکانی وڵاتانی جیهانەوە و پاشهاتەکانی ئەو جەنگەیان لادیاربوو، بە چ مەرگەساتێک و بە چ جۆرێکی بێهوودەیی دەمێنێتەوە و دوا مەنزڵی کۆتاییەکەی  خۆی لە نێو نادیاریبووندا قەتیس دەکات.

ئێستە دەسەڵاتدارانێکی بێشومار و نەیارانێک و گوێلەمساتانێک و بەشێکی دیکەی زۆری چەوساوەکانیش چاوەڕوانی ستراتیژی نوێی دەسەڵاتەکەی بۆش دەکەن و لێدانی دڵەخورپەیی لایان تادێت زیاد دەکات. ئەم سەردەمە و ستراتیژەکانی نێو چوارچێوەی نیزامی چەوسێنەری سەرمایەداری ژیانی بە شێوەیەکی نا ڕاستەوخۆ وەک **قومارخانەیەک** لێکردوە و هەر ساتەی دەبێت وەک فاڵگرەوەیەک بزانیت کێ دەیباتەوە و کێش بە دۆڕاوی و گیرفانی بەتاڵەوە لە مەیدان دوردەخرێتەوە. ئەمە ئاکامەکان و پێشهاتەکانی نێو بازاڕی **ئازادەو** بەشێکی سەرەکی تەنگەتاو کردنی تاکەکانی هەرچ کۆمەڵگەیەک بەم ناڕۆشنیە دەهێڵێتەوە و ژیانیش وەک پێبەخشراوێکی نێو چەمکەکانی قەدەر و دیاردە مەزهەبیەکان مۆرکی خۆی دەنەخشێنێت.
ستراتیژی نوێی زلهێزی **هێمای** وەحشی گەری **بۆش** و داروودەستەکەی خۆی لەو فەشەلە سیاسیە سەربازیەدا دەبینێتەوە، کە کاری سەربازی و داگیرکاری بەدەر لە هێنانی مەرگەسات و جەنگەڵستان نابێتە کۆدەی هێنانی ئازادی بۆ کۆمەڵگە! ئەم ستراتیژە نوێیە ئیتر ئەو مەتەڵە نیە لە زمانی پیاوانی بەساڵاچوی نیو گوندەکان کە کاتی بێکاری خۆیانی تێدا بەسەر دەبەن و چواردەوریان سەرقاڵ دەکەن بە هەڵهێنانی مەتەڵی وەڵام نادیارەوە.
جێگۆڕکێی کەسایەتیە بەرپرسەکانی نێو دەزگا هەواڵگریەکان و سەربازیەکان ناتوانێت ببێت بەو چارەسەرەی ئیلهامی سەرکەوتنی ستراتیژیەتی نوێی بۆش بە سەرکەوتن بگەیەنن. خۆ لە نێو دامودەزگا بەناو حکومەتەکەی عێراق و کوردستانیشدا لە ئاوەها ئاڵوگۆڕێکی نێو کەسایەتیە سیاسیەکاندا بوون و دوا ئاکامیشیان هەر گەندەڵی و پەڕپوتی دەسەڵاتەکانیانی نەخشاند. بەڵام ئەرزیەتی واقعەکان بە شێوەیەکی دیکەیە و هەنگاوەکانی داهاتوش دەیسەلمێنێت، ستراتیژیەتی نوێ، تەنها ئامانج پاراستنی ڕژێمە هارو دڕندەکانی ئەمڕۆی جیهانی ناسیۆنالیزمی عەرەبی و ناوچەکەیە و، دەکرێت سەرەتاکانی ئەو ستراتیژە نوێیە بەوە خۆی پێناسە بکات کە بتوانێت جۆرێک لە پێکەوە گونجاندنی نێو نەیارانی دەسەڵاتی ئەمریکایی و ئاشتبوونەوەیەکی میانڕەوانە بە خۆوە بگرێت لە نێو دەسەڵاتە سیاسیەکانی ئەمڕۆی ناوچەکەدا، چونکە ئیتر بۆ دەسەڵاتی سیاسی چەوسێنەرانەی ئەمریکا روونە ئەگەر بێت و شەڕو ناجێگیریەکان درێژە بە ژیانی خۆیان بدەن، ئەوا ئەو مەبەستەی ئەمریکاش مایە پوچ دەمێنێتەوە و جەنگێک کە تارمایی نابووت بوونی کۆمەڵگەیەکی سەلماند، ڕەنگبێت ئامانجەکانیشی بۆ دەورەیەکی نادیار بخاتە ژێر کاریگەری قورسی نێو دەوڵەتیەوە.
ئامانجەکانی ئەو زلهێزە و هاتنی بۆناوچەکە و داگیر کردنی عێراقیش وەک کاری یەکەمی، بۆن و بەرامی ئەو ژێرخانە پڕ لە دەوڵەمەندیەیەی **نەوتی خاوە**  و، ئازادیش بە نیسبەت  دەسەڵاتێکی سیاسی وەک

ئەمریکا، تەنها بەدەست خستن و کۆنترۆڵ کردنی ئەو ژێر خانەیە بەدەستی خۆی، نەک هەنگاوێک بێت بۆ جێخستنی پێگەیەکی وەک ئەوانەی دەڵێن **مرۆڤ دۆستی!**

دەسەڵاتێک پایەکانی بنیات نانی خۆی لەسەر ئەساسی چەوساندنەوەی چینایەتی دامەزراندبێت و ڕۆڵی خۆ هیلاک بوونەکەی بە تەواو بوونی بەشێکی ڕاستەوخۆی نێو کۆمەڵگە تەوابکرێت، ئامانج و سەرکەوتن وەک مانەوەیەکی ئەبدی ببێت بە ستراتیژی نێو کایە سیاسیەکانی ئەو دەسەڵاتە، چۆن دەبێت جێگەی ئومێدێکی ئاسودەیی تێدا ببێتەوە. ئەم ستراتیژە نوێیە دەبێتە بەشێکی متمانە دانەوە بە دەسەڵاتی وڵاتە عەرەبیەکانی نمایندەی ئیسلامی سونی و لە هەمان کاتدا دەخوازێت ئەو هێز و لایەنە بەرهەڵستکارانەی ئەمڕۆ لە عێراقدا بەشێکن لە بێزارکردنی سیاسەتەکانی ئەمریکا، جێگاو ڕێگایەکیان پێببەخشێت و، لێرەوە کۆمەڵێک مەرجیشیان بەسەردا دەسەپێنێت: ئەویش باوڕهێنانە بە تواناییەکانی ئەم زلهێزە و هەوڵدان بۆ هاوسەنگیەک لە نێو تەواوی بەرەکانی چەوسێنەراندا و، کارکردن بۆ پێکەوە دابەش کردنی ئەو ژێرخانەو کۆمە ڵگەش وێنەی سواڵکەرێک بناسرێت!

دەستپێکردنی ئەوکوشتارگایە و مۆڵەت وەرگرتن لە پاسەوانانێک ناوی خۆیان ناوە پارێزگاریکردن لە مافەکانی مرۆڤ، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئەم بەڕێزانە نوێنەرایەتی چینی سەردەست دەکەن و، ژمێریارییە بێشومارەکانی ناهەقی کردن بە چینی چەوساوەوە، دەریدەخات کە لەم جیهانەدا تێیدا دەژین و نیزامی ناعەدالەتی و سەرکردەکانی ئینجیل بەدەست و قورئان بەدسەت بەڕێوە بەری ژیانن، سەرمایە وەک موقەدەسترین بەها چاوی لێدەکرێت، ئیتر جێگایەک ناتوانرێت ببینرێتەوە بۆن و بەرامەی ئاسوودەیی ژیانێکی یەکسانی خوازانەی لێبکرێت! ئەم نوێنەرانە و دەسەڵاتەکانیان بەشێکن لە بەدڕەوشترین چینی کۆمەڵگە!!!!!

2007/01/06

هۆڵەندا